**مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە زیانی نەخوازراوی مۆبایلەکانی سامسۆنگ.**
مەرج و ڕێساکانی مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە زیانی نەخوازراوی مۆبایلەکانی سامسۆنگ.

I. پێناسە

هیچ شتێک لەم گەرەنتییەدا بە مەبەستی دەستکاریکردن یان لابردنی مەرجەکان، گەرەنتی و بەڵێنەکان، و مافە یاساییەکانی تر نییە، بەپێی یاساکانی عێراق. ئەم گەرەنتییە پارێزگارییەکی زیاترت پێدەبەخشێت بۆ "ئامێر(ەکان)"ی مۆبایلی سامسۆنگەکەت، و ڕێگەیەکی پەسەندکراو دەناسێنێت بۆ چارەسەرکردنی مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە زیانی نەخوازراو (Accidental Damage from Handling) کە خێراترین و سادەترین دەبێت بۆ هەموو لایەنەکان، بەپێی مەرج و ڕێساکانی خوارەوە:

- زیانی نەخوازراوی مۆبایلەکانی سامسۆنگ: شکست لە دەرئەنجامی ڕووداوە دەرەکییە چاوەڕواننەکراو و بێ مەبەستەکانە کە دەبێتە هۆی درزکەوتنی شاشەکە.
-ژمارەی ڕووداوەکان: زۆرترین ژمارەی ڕووداو کە سامسۆنگ لەگەڵ پاراستنەکەدا دەیگرێتە ئەستۆ.
-ماوەی پاراستن: ئەو ماوەیەی کە ئۆفەری گەرەنتی شاشە کارایە بۆ ئامێرەکە لە بەرواری چالاککردنەوە.
-پارەدانی کڕیار: ئەو برە پارەیەی کە کڕیار دەبێت بیدات لەکاتی گۆڕینی شاشە بەهۆی ڕووداوی نەخوازراو لەبری نرخی بنەڕەتی شاشەکە.

II. پاراستن
1. ئەم مەرج و ڕێسایانە پەیوەندییان بە ئامێرەکانی:

S22 Ultra, S22+, S22, S23 Ultra, S23+, S23, S24 Ultra, S24+, S24, S24FE, Z Fold 4, Z Flip 4, Z Fold 5, Z Flip 5, Z Fold6, Z Flip6, S25U, S25+, S25.

لە جۆری Galaxy بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

| مۆدێل | ژمارەی ڕووداو | ماوەی پاراستن | بری پارەدانی کڕیار بۆ هەر ڕووداوێک |
|---|---|---|---|
| S22, S22+, S22 Ultra,<br>S23, S23+, S23 Ultra | 2 | یەک ساڵ | 75 دۆلاری ئەمریکی |
| S24, S24+, S24 Ultra | 1 | دوو ساڵ | 99 دۆلاری ئەمریکی |
| S23FE, S24FE | 1 | یەک ساڵ | 50 دۆلاری ئەمریکی |
| Fold6 | 1 | دوو ساڵ | 99 دۆلاری ئەمریکی |
| Flip6 | 1 | دوو ساڵ | 69 دۆلاری ئەمریکی |
| Fold4, Fold5 | 1 | یەک ساڵ | 99 دۆلاری ئەمریکی |
| Flip4, Fold5 | 1 | یەک ساڵ | 69 دۆلاری ئەمریکی |
| S25U | 1 | یەک ساڵ | 99 دۆلاری ئەمریکی |
| S25+,S25 | 1 | یەک ساڵ | 69 دۆلاری ئەمریکی |

ئەو ئامێرانەی کە دوای 2025/2/12 کڕاون، گەرەنتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێتِ

| | | | |
|---|---|---|---|
| S25U | 1 | مک سالٓ | 99 دۆلاری ئەمریکی |
| S25+,S25 | 1 | مک سالٓ | 69 دۆلاری ئەمریکی |

2. ئەم ئۆفەر لەلایەن سامسۆنگەوە دابینکراوە و بۆ کڕیارەکانی ("کڕیار(ەکان)") دیزاین کراوە کە ئامێرەکە لە بازاڕی عێراقەوە دەکڕێت.
3 -تەنها ئەو ئامێرانەی لە فرۆشگا و هاوبەشە ڕێگەپێدراوەکانی ناو عێراق کڕدراون دەگرێتەوە. ئەگەر ئەو ئامێرەی کە کارتەکەی لەگەڵدایە سەلمێندرا کە لە دەرەوەی ئەم پاراستنەیە (بەرهەمێکی ئەسڵی سامسۆنگ نەبێت یان سەر بە فرۆشگا و هاوبەشە ڕێگەپێدراوەکان لە عێراقدا نەبێت)، ئامێرەکە ئەم ئۆفەرە ناگرێتەوە و چاککردنەوەی شاشەکە ناگرێتەوە.
4 .بۆ زانینی نزیکترین سەنتەری خزمەتگوزاری خۆت، تکایە پەیوەندی بە سەنتەری خزمەتگوزاری سامسۆنگەوە بکە لەڕێگەی 80010080

5 .گەرەنتی زیانەکانی شاشە تەنها بۆ ژمارەی ڕووداوەکان کارپێکراوە (بڕوانە خاڵەکانی یەک و دوو لە سەرەوە بۆ ژمارەی جارەکانی گەرەنتی شاشە بە پشتبەستن بە ئامێرەکە). هەر زیانێکی تر دوای چاککردنەوەی یەکەم/ گۆڕینی ئەم گەرەنتییە نایگرێتەوە.
6 .زیانی فیزیکی لە شاشەکەدا بەهۆی کەوتنی بێ مەبەست و بەربوونەوە و پێکدادانی تر.
7 .پاراستن تەنها لە تێچووی شاشە و پارەی دەستی کاردا سنووردارە.
8 .سامسۆنگ و هاوبەشەکانی بەرپرسیارێتی لەدەستدانی هیچ ناوەڕۆکێک، داتایەک یان هەر زانیارییەکی دیکە کە لە ئامێرەکەدا هەن هەڵناگرن.
9 .کڕیاری شایستە دەبێت پێش هەر داواکارییەک بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکەیان زانیارییە کەسییەکانی خۆی پاک بکاتەوە.
10 .کڕیاری شایستە دەبێت پێش هەر داواکارییەک بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکەیان هەر سیمکارتێک یان کارتێکی بیرگە لە ئامێرەکەدا لاببات.
11 .سامسۆنگ مافی هەیە بە ویست و بڕیاری خۆی و بەپێی بە هەر یاسایەکی کارپێکراو، بۆ کۆتاییهێنان یان دەستکاریکردنی ئەم مەرج و ڕێسایانە لە هەر کاتێکدا.
12 .بە دەستپێکردنی پاراستن، کڕیاری شایستە قبوڵی دەکات کە هەر ناکۆکییەک بە هەر شێوەیەک بێت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم مەرج و ڕێسایانە هەبێت، بەپێی یاساکانی کۆماری عێراق مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لەلایەن دادگا پەیوەندیدارەکانی عێراقەوە چارەسەر دەکرێت.
13. بۆ هەر زانیارییەکی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە سەنتەری خزمەتگوزاریمانەوە بە ژمارە تەلەفۆنی 80010080 یاخود واتسئەپ: 00962797777421